# ئەمن بە چ شێوەیەک دەتوانم لە پڕۆژەکانی ئاکادێمیی زمانی کوردی و کوردستانیکا دا بەشداری بکەم بۆ ئەوەی بتوانم بە شێوەیەک لە شێوان یارمەتیدەری ئەوکارە باشە بدەم؟



کارێکی کە تاکو تەرا یان ڕێکخراوەکان دەتوانن بیکەن بۆ پشتیوانی لە پڕۆژەی وەکوو ئاکادێمیی زمانی کوردی و کوردستانیکا ئەوەیە کە داوا لە دۆستان یا ئەندامانی ڕێکخراوەکانیان بکەن کە کۆپی ئەو مادەو کەرەستانەی لایان دەست دەکەوێ بخەنە سەر قالبی ئێلێکترۆنی ( بە سکانکردن، نووسینەوەیان بە کۆمپیوتر، وێنە لێهەڵگرتنەوە و وەکووتر) ئەگەر ئێوە زمانانی دیکەش دەزانن دەتوانن یارمەتی بکەن بۆ وەرگێڕانی دەق لە زمانی ئینگلیسییەوە بۆ سەر زمانی فارسی، ترکی، و عەڕەبی ( و بە پێچەوانە)، هەر وەها دەتوانن بەو دەقانە دا بێنەوە کە بە ئینگلیسی بڵاو دەبنەوە و هەڵەکانیان هەلوەژێرن. ئەو چەشنە یارمەتییە ئەم زانیارییانەی وا بەدەستەوەن دەگەیێنێتە گشت ئەو کەسانەش کە بە هەموو زمانێک ناتوانن بخوێننەوە. ئێمە دەتوانین سەرچاوە و ژێدەری کۆن سکان بکەین یان ڕێنوێنیتان دەکەین بۆ ئەوەی ئەو شوێنەی بەڵگە و سەرچاوەکەی لێ دەستدەکەوێ، بۆ ئەوەی بەیارمەتی ئێوە بخرێتە سەر فۆرماتی ئێلێکترۆنی و دواتر بخریتە سەر هێڵی ئینترنێت بۆ دەستوێڕاگەیشتنی گشت لایەک.

تاکوتەرا یان ڕێکخراوان دەکرێ لە کتێبخانەکانی خۆیانەوە دەستپێشخەری بکەن بۆ ئامادە کردنی کۆپی ئێلێکترۆنی دەستنووس، کتێب و سەرچاوەی دیکەی کە پێوەندی پەیدا دەکەن بەو ئامانجانەی ئاکادێمیی زمانی کوردی و کوردستانیکای لە سەر دامەزراوە. ئێمە لە سەر بنەمای یارمەتیدانێکی ئەوتۆی زانستکارانە دامەزراوین.

هەر تاک و کۆمەڵە و ڕێکخراوەیەک لەو بارەیەوە یارمەتیدەر بن و پشتیوانیمان لێ بکەن، لەخوارەوەی ئەو بابەتەی کە بڵاو دەکرێتەوە نێو و ڕەمزی ڕێکخراوەکەیان دەستنیشان دەکرێ. بەو شێوەیەیە پڕۆژەکان دەتوانن ببن بە سەرچاوەیەکی بەربڵاو و هەراوی زانین و ئاگاداری بۆ بیروڕای گشتی بە یارمەتی بیروڕای گشتی خوی.

http://www.kurdishacademy.org/?q=ku-ar/node/200